لەچاوپێکەوتنێکی (هاوڵاتی)دا

مەسعود محەمەد :

# پێش ئەوەی مەسەلەی کورد بکەوێتە چوارچێوەی دەوڵەتی عیراق دەبێ کوردەکە لەگەڵ یەکتر ڕێك بێت

***(مەسعود محەمەد) ناوێکی دیارو درەوشاوەی ناو ڕۆشنبیری و ئەدەبیاتی کوردییەو، بەردێژایی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم ڕۆڵێکی کارای هەبوە لەسەر تەواوی ئاستە جیاجیاکانی کۆمەڵگەی کوردی، هەر لەبواری سیاسییەوە تا مەسەلە فیکری و ڕۆشنبیرییەکان. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو نەوە ڕۆشنبیرەی هاوتەمەنی مامۆستابووە خەم ساردو کەمتەرخەم بووە لەخوێندنەوەی بەرهەمو نووسینەکانیدا. ڕۆژنامەی (هاوڵاتی) لەژمارەی (یەکەمی)دا بەپێویستی زانی دانیشتنێك لەگەڵ ئەم کەسایەتیە گەورەیەی گەلەکەماندا بکاتو، ڕاوسەرنجەکانی لەسەر ڕەوشی ئەمڕۆی کوردستان بخاتەڕوو.**

*** حەز دەکەین بەڕێزتان وەکو کەسایەتیەکی ڕۆشنبیرو ناسراو قسەمان بۆبکەن بەتایبەتی ئێوە لەسەردەمێکدا ژیاون کە نەدەکرا لەدەرەوەی هاوکێشە سیاسییەکان بن. بۆیە مادامێك جەنابتان لەڕەوتێکی شێوە سیاسیدا ژیاون حەزئەکەین بزانین ئەو هەوڵدانانەی ئێوە تاچەند جێدەگرێ سەبارەت بەخستنە ڕووی مەسەلەی کورد لەبەغدا، وەئایا هودەی دیالۆگ چییە؟**

- پرسیارەکەت دەربارەی هەوڵی منە لەبەغداد بۆ یە دەبێت باسی شتی تر نەکەم، چونکە پرسیارەکە پێشینەی لەو شێوە هەوڵەی منی سڕیوەتەوە، ئەوەی بەبیرم بێت پاش بوونم بەنائیب ئەوسا ساڵی ١٩٥٢ بوو.. ئەوکات حاکم بووم لە سلێمانی مامۆستا جەلال (جەلال تاڵەبانی) ئەوکاتە تەلەبەی پێنجی ئامادەیی بوو.. حکومەت دەیویست هەڵبژاردن کاتەوە چونکە هەرا دروست ببوو ئەو هەڵبژاردنە لەکۆیە دەبوو، مام جەلال هات بۆی ڕوون کردینەوە چونکە لەڕاستیدا من ئاگام لەهیچ نەبوو هەتا لەدوایان ناردم، منو ئیبراهیم ئەحمەدو برای تەها محێدین کە ناوەکەی لەسەر زارمەو وەفاتی کرد. جەلال تاڵەبانی لەماڵی براکەی تەها محێدین کۆبوینەوە داوای منیان کرد کە بچمە لایان، من حاکم بوومو وەزیفەکەم حکومی بوو واتە سیاسی نەبووم بەڵێ ئینتمام هەبوو بۆ پارتی بەڵام سیفەتی ڕەسمیم نەبوو لەکاری سیاسی. بۆ منێك کە لەکۆیەمو دەسەڵاتم لەکۆیەی مەلای گەورەیە کە هاتمە ئێرە باسی ئەوە کرا کە لەکۆیە هەڵبژاردن نەکرێو هەموو لیژانی هەڵبژاردن بەدەست پارتیەوەیە. جەلال تاڵەبانی پێی گوتین فرسەتێکی گەورەیە خەڵکی فێر بکەین چونکە زۆرینەی دەنگ لەدەستی خۆماندایە. حکومەت پێپیلکەیەکی نییە لەسەری ڕابوەستێت وەك حکومەتێك کە شەرعیەتی هەبێت، ئینجا کە (جەلال تاڵەبانی) هاتە ئێرەو منیان داوا کرد ئەو چوار کەسە کۆبووینەوە بڕیاردرا هەڵبژاردن بکرێ بەشێوەیەکی خەستو خۆڵ وەحیزب تێیدا خەریك بێت. مایەوە کێ پاڵێوراو بێت بۆ نائیب، ئەمن لەدڵمدا نەبوو چونکە من لە سلێمانی ئیسراحەتم کردبوو، کێشەو مەسەلەی ناو کۆیەم لەکۆڵەوە ببوو، بۆ من کەماڵێکم لەکۆیەو پێیەکم لە سلێمانی بشبم بەنائیب لەبەغداد دەیکردە سێ مەسرەف ئەوەش گرفت بوو. ئەوانیش ڕوویان لەمن کرد منیش ئەو کێشەیەم بۆ ڕوون کردنەوە، بەهەر حاڵ سەرتان نەیەشێنم بەهەموو شێوەیەك ناچاریان کردم بەڵام من پێم گوتن تا پێم نەڵێن خۆ نەپاڵاوتن خیانەتە ئەمن توخنی ئەم کارە ناکەوم. هەرسێکیان بەمنیان گوت

## کەناڵی بەغدا بەشێوەیەکی کۆتایی جێگەی ئومێد نییە ،بەهیچ جۆرێك سەدام حسێن هیچی قبوڵ نییە

ئەگەر خۆت نەپاڵێوی خائینیت، منیش چارم ناچار بوو... لەکۆیە هەڵبژاردنمان دەست پێکرد، لەو عێراقەی بەرین، تەنها لەکۆیە شیوعیەکان هەرایان کرد دژی ئێمە بەپاڵ پشتی پۆلیسی حکومەت. سەرتان نەئێشێنم شیوعیەکان سندوقەکانیان شکاند، ئەو کات دوو سندوقی لێبوو. ئەوە بوو هەڵبژاردنەکە فشایەوەو خەڵك چووەوە ماڵی خۆی ئەوەندەمان زانی پاش عەسرێك حکومەت سندوقی دروست کردەوەو هەڵبژاردنی دەست پێکردەوە، لەشەودا ئینجا تەواو بوو. لە ٩٠٪ ی زیاتری دەنگ بۆ ئێمە بوو. کردنی هەڵبژاردنەکە لەبەر ئەوەبوو موتەسریفی هەولێر تەلەفونی لەگەڵ بەغداد کردبوو بۆ سەرۆك وەزیران موتەسەریف پێی گوتبوو بارودۆخێکی وا هەیە لەکۆیە ئەڵێی چی هەڵبژاردن ئیلغا بکەین یان دوای بخەین چۆنی دەفەرموی ئاوها دەکەین، ئەویش گوتبووی دەستبخەیتە هەڵبژاردنی کۆیە لەکارت لائەبەم، ئیتر ئەوەبوو هەڵبژاردن کراو سەرکەوتنمان بەدەست هێنا. ئیتر پاش دوو ڕۆژ ناوم بڵاوکرایەوەو بووم بەنائیبو چوومە بەغداد، ئەوەی لەدەست هاتوو ئەوەی زمانم توانی بیبزێوێ کردم، لە کەسیشم شەرم نەکردووەو نەترساوم. ئەوە بوو پاش چەند ساڵێك نوری پاشا هەڵبژاردنەکەی هەڵوەشاندەوە بەڵام جاری دووەمیش هەربومەوە بەنائیب. بەڵام سەرلەنوێ نوری پاشا هەڵبژاردنی دووەمیشی هەڵوەشانەوە، ئەوەبوو منیشو ئەوانەش وەك من نائیب بوون لەنیابەت دوورکەوتنەوە، بەتایبەتی ئەوانەی کە وەك من بەرهەڵستکاربوون ئیدی نیابەتی ئازاد نەماو ئەوەی مایەوە پسەپسی پەناو پەسێوان بوو.

*** مامۆستا پرسیارێکی تر ئامادەبوونی ئێوە لەسەر چ بنەمایەکە؟**

- ئەمن غەیری ئەوەی جەلال تاڵەبانی (مامۆستا جەلال) منی بانگهێشت کردووە بۆ ئێرە ئەوەندە ئاگام لەخۆمە نازانم کاکە فوئاد مەسەلەکەی چۆنە، ئیدی لێشم نەپرسیوە مام جەلال بانگهێشتی کردووی یان نا: مام جەلال لەچنارۆکی مەلایان پێی ووتم کە پاش شەش ڕۆژی بەدواتا ئەنێرم.

*** ئایا دیالۆگ هودەی هەیە لەگەڵ بەغداد؟**

- ئەوەندەی من هەستم هەبێتو تێ بگەم لەشت، بڕوا ناکەم لەکوردستانی ئێستا لەگەڵ سەدام حسێن دیالۆگ هەبێت، بڕوا ناکەم سەدام حسێن لەکەس قبوڵ بکات، سەدام خۆی بەخوایەکی ڕەها دەزانێت ڕەنگە قسەیەکی خۆشت لەگەڵ بکات یان نەکات ئەوە شتێکی ترە، بەڵام ئەو هیچ باکی نیە سەد هەزار کەس قەتڵو عام بکات، ئەو بەشەر نیە، سەدام بەبەشەر حساب ناکرێ، وا بووە بەهەزاران کەسی کوشتووە بەبێ هۆ.خۆ بیرتە هەفت هەشت ساڵ شەری لەگەڵ ئێران کرد، وە هیچ باکی نیە تا قەڵەمو تفەنگو فرۆکە بگێڕێ شەڕو قەتڵو عام بکات ئەمە سەدام حسێنە کە من بیناسم.

*** ئایا چارەسەری کێشەی کورد هەردەبێ لەچوارچێوەی عێراقدا بێت؟**

- پێش ئەوەی مەسەلەی کورد بکەوێتە چوار چێوەی عێراق دەبێ کوردەکە لەگەڵ یەکتر ڕێك بێت.

*** ئەمرۆ کە سیستەمی جیهانی نوێ حەکەمی نێودەوڵەتی هێناوەتە ئاراوە، ئایا فایلی کورد لە چوارچێوەی ئەو سیستەمەدا تاوتوێ بکرێت باشتر نیە لەوەی بچێتەوە بەغدا؟**

- ئەگەر کورد خۆی بناسێتەوە ڕوون بین بێتو چالاك بێت لەبابەتەکەیدا، جیاوازی زۆرە لەگەڵ ئەوەی سێ پارچەو چوار پارچە بێت. فرسەت کە دێتە پێشێ جارێك دوو جار دیتە پێشێ پاش نەمانی فرسەت فەلاکەتی گەورە بەسەر بەشەردا دێت، ئێمە نازانین ئێران چی دەوێتو تورکیا چی دەوێت. نمونەیەکتان بۆ دەهێنمەوە وەختێك گوتیان سوریاو تورکیاو عێراق کۆدەبنەوە لەسەر دابەش کردنی ئاوی ڕۆژهەلاتی ناڤین: ئاوی ڕۆژهەلاتی ناڤین لە ٨٠٪ی لەکوردستاندا هەڵدەقوڵێت، کوردەکە هیچی پێ دەکرێ لێرە؟ ئێمە ئەوەندەمان دەردو بێ دەرمانیو بێ پارەیی هەیە بەرگەی لێدانی گەورە ناگرێت، ئەمە جگە لەوەی خەڵکەکە کەس لەکەس ڕێك نییە یەکتریان خۆش ناوێت، خۆت ئەزانی هەولێر لەگەڵ ئێرەو ئێرە لەگەڵ هەولێر. ئێمە ماڵی خۆمان لەدەستی خۆماندا نیە ئیتر چۆن زمان لەجیهان گیری بگێڕین، عەجایەبە.

*** مامۆستا گومانت نیە لەشوناس و ئیرادەی کورد؟**

- نەخێر تا ئێستا کوردی بەستەزمان نازانێ ئەڵێ چی، سەرکردەکانیان بۆ خۆیان (ئەمن خوانەخواستە ناڵێم پێت پاك نین) بەڵام واقعێکی کە هەڵقوڵیوە لەمەودای ٦٠ یان حەفتا ساڵو حکایەتی دەورو پشتی خۆی واقعێکی سەپاندوە کە ئێرە سلێمانی بێتو ئەوێش هەولێر بێت.



مەسعود محەمەد لەساتی دیمانەکەیدا، ئوتێل ئاشتی

*** کەواتە داوای یەکگرتن دەکەی؟**

- ئەگەر یەك نەگرێ هیچ ناکرێ. کورد سێبەری یەکێتی هاواری نیە.

*** مامۆستا دەتەوێ بڵێی سەرکردایەتی کورد خاوەنی گوتاری ناسیونالیستی نیە؟**

- مامۆستا یارمەتیم بفەرموو (خوا نەخواستە من ناڵێم مام جەلال نیەت خراپە) بەڵام ڕوداوی سەد ساڵپێش ئەو دەڵێم. ڕەنگە پیاوێکی وەکو مام جەلال بەهەموو جدییەتی خۆیەوە واتێ بگات ئەوی ئەو لەسەری دەڕوات تاکە ڕێگەیە کە کورد دەگەیەنێتە نیازێك. ڕەنگە مەسعود بەرزانی، بارزانێتی بەلاوە شتێکی گرنگ بێت، چونکە ئەمن دەزانم (مەسعود بەرزانی) زۆر خزمەتی بەری بادینانی کردووە، بڕۆ تەماشای دهۆك بکە دهۆك چراخانەو لەهەولێر کارەبا نیە. کە قسەش دەکەم دەبێت ئەوەش بزانین هەرسێکمان ئێمە سەیرکەرین. قسەی ئێمە گوێزێك لەق ناکات. ئەوانەی کە دەست ڕۆشتوون لەسیاسەت خاوەن بڕیارن.

*** پێت وایە ئەو کۆسپانە چین لەبەردەم پرۆسەی ئاشتی هەردوو هێزە سیاسیە کوردیەکە دایە؟**

-تۆ خۆت دەزانی.

*** وایە بەڵام ئێمە پرسیارەکە لەجەنابت دەکەین و دەمانەوێت تۆ وەڵام بدەیتەوە.**

## ئێمە ماڵی خۆمان لەدەستی خۆماندا نییە، ئەوجا بەرزنۆڕین شتێکە گەلەك گەلەك لەئێمە زیادە. قوربان ئێمە هەتا بفەرمووی لێقەوماوین!

- کورد میللەتێکی سەرەتاییە کورد پاڵپشتی نیە، کورد چەندین تیرەو تاقمی هەیە، چەند جۆرە پلانی هەیە بۆ ئەوەی سبەی ڕۆژ بەدەستی تۆ دوو بزنان بدزێ. خولاسە وەزعی لەئاستێکدایە پیاو دەهێنێتە گریان. مامۆستا لەبیرت نەچێ تۆ هەموو دونیا دوژمنتەو تۆ لەهەموو لایەکەوە دەورە دراوی، ئەوجا چەند جاران شەریان لەنێواندا هەڵگیرساوە، ئەمەش ڕەوای نیە (خوانەخواستە ناڵێم ئەمان بەخیانەت کردویانە) بەڵام وەزعی زێدە زێدە دواکەوتووی کورد، ئەو پاڵە پەستۆیانەی لێرەو لەوێ و لەدەورو بەرچاو خەڵکی پاڵ پێوە دەنێ بەپێچەوانەی ئیرادەی خۆی، واتە بەرەو شتێك دەچێت کە تەنها ئەو ڕێگە شك دەبات کە پێیدا دەڕوا. شەقامێکی چەند سایدی نیە لەسەری بڕوا، یان دەبێت دابنیشێو هیچ نەکات یاخود ئەو هێندە قسانە بکات کە لەکولانەی دووبەرەکیو سێ بەرەکیو فرەدەنگی و، بۆچوونی یاخود فرە فەلسەفی بەرێت. هەیە بەرەو چەپو هەیە بەرەو ڕاست دەڕوات.

مامۆستا هەموو قسەیەك ناکرێت من هەندێك شتم بیست کە دەبوو لەمێژوودا ڕووی نەدایە. بێگومان کار هەیەو کاردانەوەش هەیە، کارێك لەجێگەیەك دەکرێت لەلایەکی دی کاردانەوەیەکی هەیە، خوا دەزانێت بەچەند دەوەستێتەوە واتە ناتوانین پێشبینی ئەنجامەکەی بکەی. ئەمە دامە کردن نیە، دونیاکە ئاوها نیە، ئێستا نێوانی هەولێرو سلێمانی هەنووکە هیچ لایەکیان بەهیچ لایەکیان ناوێرن. ناتوانین

## کوردەکە بۆخۆی خاوەنی فشارنییە، تەنها بواری خۆپارێزی بۆ ماوەتەوە، دەبێت چیتر تەماشای ئەوە نەکات ئەویتر دوو "گا"ی لەو زیاتر هەیە.

دەست بۆ ئەوە درێژ بکەین، تەنانەت لە فەرزێکدا ئەگەر بەو پەری میللیەتی پاکەوە دەست درێژ بکەن بۆ یەکگرتن، دیسان لەئێستادا مومکین نیە. ئەگەر دڵەکە خاوێن نەبێتەوە بەرامبەر یەکتریو ئەگەر حەزی شەخسی یاخود زەعامەت یا هەرچی ناوی لێ دەنێی، ئەگەر کوردایەتی پەتی نەبێتە پاڵنەر، هەر لایەك دەستی درێژ کرد بۆ لایەکەی تر مەعنای وایە دەیەوێت ئەوی تر بخوات. بەئەوەندی هەیەتی نایەوێ دابین بێت، دەیەوێ ئەوی بەرامبەرەکەشی بخوات. تەنها ئەگەر هاتە سەر ئاستێك نیەتی پاك بێت.

*** مامۆستا ئایا پێت وایە کورد لەدونیادا دۆستی نیە؟ ئەی ئەوەی ئێستا بەیەکتر بڕینی بەرژەوەندی ئەمریکاو کورد ناودەبرێت دەربارەی چارەنووسی عێراق چیە؟**

- من ناڵێم لەجێگەیەکی دونیادا کورد دۆستی نییە، با پێت بڵێم سەری بەقەبری بابی بابی کاکە ئەمریکا تاوەکو نەوتی کەرکوك لەبن دەست کورد نەبێت هیچ نیە. "سەدام حسێن" خۆ هەمووی پێنەدەخورا ئەمریکا کردییە لوقمەیەكو دایە دەستی سەدام. تاچەری بەریتانیا بەدەستی بوایە خەتی "٣٤"ی دەکردە خەتی پاراستنی کوردان، بەڵام ئەمریکا کردیە "٣٦"، هەموو کەرکوکی بەنەوتیشەوە دایە "سەدام" ئەوی کورد بوو تیایا دەرکرا یان کوژرا، هەلاهەلا کرا، من بەچاوی خۆم دەمبینی جۆرە تەرحیلێکیان دەکرد بەکوردەکانی کەرکوك، بەخودا ئێستا بواربدەم فرمێسکم دێ لەچاوان **(لەم کاتەدا فرمێسك لە چاویدا قەتیسما)** بەچاوی خۆم دیومە قافڵەیان بەڕێکردووە لەکوردانی کەرکوك بەچلەی هاوینێ، وەختی نوێژی نیوەڕۆیێ، منالی یەك دوو ساڵ قەترەیەك ئاویان نەداوەتێ، لەپشتی ولاخێ. ئەوجا ناردویانن زیندە بەچاڵیان کردوون ئەمەش سەدام! ئەوجا بەرز نۆڕین شتێکە گەلەك گەلەك لەئێمە زیادە، قوربان ئێمە هەتا بفەرموی لێ قەوماوین. تۆ تەماشای ئەم جێگەیە مەکە کارەبای تیایە ئەسڵەن دەبوو یاخود بەدەستی من بوایە باوەڕبکەن بەپێنج دەقیقە کێشەکە تەواو دەبوو، بەڵام من چیم بەدەستە ئەوەندە هەیە شتێك لەدونیا تێدەگەم ئەوەی بەچاکی دەزانم هەر ئەوە دەڵێمو دەکەمو دوعاش دەکەم بۆ هەر کوردێ کە هەنگاوێکی مەعقول بنێت تێیدا سەرکەوتوبێت، هەتا ئەگەر هەڵەشی کردبێت، دیسان سەرکەوتنەکەی لەماڵ کاولی باشترە، چونکە پتر ماڵ کاولبوون خراپترە لەنیمچە شکست.

*** بەڵام مامۆستا ئێستا وەزعێکی نێودەوڵەتی بەیەکدا چوو لەئارادایە ئەوەی پێی دەڵێن دەست تێوەردانی جیهانی دۆخێکە کەمتر هاوکێشە ناوخۆییەکان لەبەر چاودەگرێت، هەنوکە قاعدەی ئەنچەرلیك بۆ پاراستنی کوردەکان لەئارادایە بەدەر لەهەبوونی ناکۆکیە ناوخۆییەکان ئایا ئێستا لەنێوانی ئەگەری پشتبەستنی کورد بەهێزە دەرەکیەکان بۆ مەسەلەکەی یاخود پشت بەستن بەچارەسەری ناوخۆیی لەچوارچێوەی دەوڵەتی عێراقیدا چ ئاسۆیەك هەیە؟ دیارە لەم نێوەندەدا هەڵوێستی کورد لەهەڵکشانو داکشاندا بووە، هەرکاتێك هەستی بەپشت تێکردنی عێراق کردووە زیاتر بەئاراستەی دەرەوە ڕۆیوە، بەپێچەوانەشەوە. بەڕای تۆ لەم نێوەندەدا کورد ئەگەر چارەی هەبێ هەر لەڕێگەی کەناڵی عێراقییەوەیە؟**

- کەناڵی بەغدا بەشێوەیەکی کۆتایی جێگەی ئومێد نییە، بەهیچ جۆرێك "سەدام حسێن" هیچی قبوڵ نییە.

*** ئەی دوای سەدام ئایا هەر کەناڵی بەغداد چارەیە؟.**

- جارێ سەدام لەئارادایە ئێستاش ئەمریکا دەستی لەسەدام شل نەکردووە، ئەو کەرکوکی بەنەوتەوە دا بەسەدام ئێستاش بەخودا وازی لێ ناهێت.

*** تۆ پێت وایە کێشەی هەردوو هێزە سیاسیەکوردیەکە پێویستی بەچارەسەری سایکۆلۆجی هەیە، لەو ڕووەوەی کە یەکێتی پێی وایە خۆی فریشتەیەو پارتی شەیتان وە بەپێچەوانەشەوە. واتا هەردوو لا تووشی بەدبینی بوون بەرامبەر بەیەك. پێت وایە کە ئەمە پێویستی بەچارەسەری سایکۆلۆجی هەبێت؟**

- قوربان وەزعی قائیم وا دەهێنێتە پێش چاوی مرۆڤی خاوەن ئومێد کە ئەگەر وەزع وەها دەوام بکات و خۆی تێرو تەسەل بکات دواتر زاڵ دەبێت بەسەر دونیادا. هەنوکە لایەنە کوردیەکان یەك داو تێدەفکرێن، ئاخۆ چۆناوچۆنی بگەنە ئەوی دیو قەپاڵی لێبگرن، کە کار گەیشتە ئەو ڕادەیە، ئێتر چاوەڕێی ئەوە مەبە ئەو تەرزە مرۆڤە بتوانێت خزمەت بەکوردایەتی ڕەسەن بکات، گوایە ئەو تەرزە مرۆڤانە دەتوانن خزمەت بەجوتیارێکی عەبابەیلێ بکەن؟ وەڵڵا گیسکەکەی لێدەستێنن. مادامێك ئەو لەدڵی دایە لایەکەی دی بڕمێنێت. هەر بۆیە گەر نەیەنە سەر باوەڕ هێنان بەحەقیقەتی کوردایەتیو ئەوە نەهێننە پێش چاوی خۆیان کە کورد لەقۆناغێکی یەکجار خەتەردایە مەعنای وایە بەسەهوو چوون، من ناڵێم خوا نەخواستە ئەم لایەنانە خائینن، بەڵام دەبوو بەعەقڵێکی مام ناوەندی هەڵسوکەوتیان بکردایە، لانی کەم شەڕیان لەگەڵ یەك نەکردایە.

*** مامۆستا مەبەستت لەکوردایەتی ڕاستەقینە چیە؟**

- مەبەستم لەوەیە، بۆ نموونە ئیسلامەتی ڕاستەقینە قورئانە. ئەوەشی لەگەڵ قورئان نیە موسڵمانی ڕاستەقینە نییە. کوردەکەش کە هات بەتەئویل کردن دژی فلانو فیساری خۆیو بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی ئیشی کرد، واتە مادامێك بۆ بەرژەوەندی کوردایەتیەکی بەرفراوانی خاوێن کاری نەکرد، کەواتە لەگەڵ کوردایەتی ڕاستەقینە نییە. هەرچەندە من زۆر ئاگام لەوردەکارییەکانی نێوانیان نییە بەحساب بڕیار وابوو ئەو ئەوەندە پارە بۆ ئەم لا بنێرێو نەینادو هەندێکی لێکەم کردەوەو.. هتد، بەلای منەوە گرنگ نییە ئەمن کابرایەك نیم تاقەتی سەیرکردنی شەرەپشیلانم هەبێت. من تەماشای مەسەلەی کوردایەتی دەکەم لەو گۆشەیەوەی کە کوردایەتی زەقەو لەبەرژەوەندی کوردە. بەڵام دیسانەوە من دەستەڵاتم نییە هەرچەندە ئەو دوو برادەرە ڕێزم دەگرنو کە دەچمە لایان لەبەرم هەڵدەستن، بۆ کەسی خۆشم گلەییم نییە، بەڵام کوردایەتی وەك فیکر شتێکی ترە. باوەڕ بکەن ئالۆزی دوو بەرەکیو سێ بەرەکیو دواکەوتوویی کورد قوڵاییەکی یەکجار تراژیدی هەیە.

*** مامۆستا ئەگەری سەر لەنوێ پەلاماردانی هەردوو لایەنەکە لەئارادا ماوە؟**

- هەموو شتێك ئەگەری هەیە.

*** بەچی دڵ خۆشیو بە چی نیگەرانی؟**

- کوردەکە بۆ خۆی خاوەنی فشار نییە، تەنها بواری خۆپارێزی بۆ ماوەتەوە، دەبێت چیتر تەماشای ئەوە نەکا ئەوی تر دوو گای لەو زیاتر هەیە. ئەگەر میللەتین دەبێت ئاگامان لەوەزعو خەتەرێك بێت کە بەسەر سەرمانەوەیە. دڵخۆش کەرەوە ئەوەیە کە خۆت ڕەوشێك دروست بکەیت تێیدا مورتاح بیت، نەوەك ڕووداوێك یان شتێك لەدەرەوەی خۆماندا ڕوبدات. ڕەوشێك دروست بکەیت تێیدا سەرکەوتوو بێت. هەنووکە کوردەکە ڕەوشێکی دوو بەرەکی دروست کردووە هەولێر و سلێمانی لێك دابڕاندووە.

*** مامۆستا تکایە ڕات دەربارەی ڕاپەڕین چییە؟**

- من لەساڵی ١٩٩١ زۆر نەخۆش بووم ئاگام لەهیچ نەبوو.

*** لەئێستادا چۆن تەماشای ڕاپەڕین دەکەیت وەك ڕووداوێك؟**

- ڕاپەڕین، "وثم ماذا" گرنگ دەرئەنجامەکانە.

**زۆر سوپاس.**

**سازدانی دیمانە: توانا عوسمان- رامیارمەحمود**